# وەڵامێك بۆ ئیبراهیم فەتاح:

## سەربازی بن لادن شەرافەت مەندترە لە كەوا سوری بەر لەشكری ئیمپریالیزم !!!

**محەمەد هەریری**

نوسراوەكەی (ئیبراهیم فەتاح) م خوێندەوە، كە لەسەر بابەتێكی من و ساڵح بەرسیلینی نووسیبوی، بە پێچەوانەی چاوەروانكراو پڕاوپڕ بوو لە توانج وتەشەرەی بازاری، هەرچەندە دەیەوێت وانیشان بدات، كەوا گوایە لە (جوێنەكانی) ئێمە بێزار بوە، وئامۆژگاریمان دەكات بە قسەی قەبەو فەلسەفاوی پۆستمۆدرێنزمی.

جارێ هەر لە سەرەتاوە لە ژێر كاریگەری ئاغاكانی لە واشنتن _ كەمن هەموویان بە تۆزی پێڵاوەكانی بن لادن ناگۆڕمەوە، هەرچەندە قەناعاتی فیكریم بەگۆشەی ١٨٠ پلە جیاوازە لەگەڵ بن لادن- ناو لە من وكاك ساڵح بەرسیلینی دەنێت سەربازەكانی بن لادن، من ئەوە بە جوێن وعەیب نازانم ئەگەر هاوبیری ئەو بەرێزە بوام، بەڵام ئەوە عەیب وعارە كە ماركسیستانی دوێنێ ببنە كەواسوری بەرلەشكری ئیمپریالیزمەكەی دوێنێ وئەمڕۆ، هەر یەكێكیان بە دڵ نەبوو، لە رووی حزبیەوە، سیاسیەوە، یان ئایدیۆلۆژیەوە بە بن لادیستی دەستنیشان بكەن. دیسان دووپاتی دەكەمەوە سەربازی بن لادنم پێ بڵێن زۆر شەرافەت مەندترە لە بەكرێگیراوی بۆ رژێمێكی بۆگەنی وەك ئەمریكا، یان ببم بە كەواسوری بەر لەشكری دزێوترین رژێمی ئیمپریالی لە گشت سەرانسەری مێژووی جیهاندا. لە پاش ئاشبەتاڵی ماركسیسزم، ئەو كۆنە ماركسیستانە لەبەر كۆنە قینیان زۆربەیان بۆنەتە داردەستی راستڕەوانی سەر بە ئیمپریالیزم ولە جیاتی ئەوان شەڕی ئیسلام وئیسلامیەكان دەكەن!

ئەو بن لادنەی تۆ بە سوكی ناوی دێنی، پێڵاوەكانی ئەو سەركردە ترسنۆكانەی كورد دەهێنێت، كە لەگەڵ یەكەم ساتی دەستگیر كردنیان حاشایان لە كورد بوونی خۆشیان كرد، یان ئەوانەی هەر رۆژێك لەباوەشی رژێمێك دەلەوەڕێن، لە ئەنقەرە وەك توركمان، ولە سوریا وەك عەرەب ولە ئێران وەك شیعە رەفتارو گوتار دەكەن.

كاك ئیبراهیم فەتاح بەوە قەڵس بوە كەوا من وشەی نا لایەقم بەكار هێناوە بۆ تەها هەلەدنی، ووەڵامی هیچ خاڵێكی ناو وتارەكەی ئەوم نەداوەتەوە، لەوەڵامدا دەڵێم بۆ وتارەكەی هەلەدنی لە جوێن بەشینەوە زیاتر چی تیا بوو تا من وەڵامی بدەمەوە؟! ئەوەی هەلەدنی نووسیبوی هەمووی سوكایەتی وجوێن بوو بە قورئان وخوا وپێغەمبەر، وەڵامەكەی من بۆ یەكێكی دەم پیسی بێ ریزی وەك ئەم وئەوانەشی بەرگری لە ئەو وهاوێنەی ئەم دەكەن پڕ بەپێست بوو، چونكە لو جۆرە وەڵامە زیاتر موستەهەق نین، بەڵكو لە بنەڕەتدا دەبوایە وەڵامی نەدەمەوە، وەك پەندەكە دەڵێت " كاروان بەرێوەیە وسەگەكانیش پێی دەوەڕن"

یان لەوە خۆشتر وەك شاعیرێكی عەرەب دەڵێت:" ئەگەر هەر سەگێك وەڕی وبەردێكت خستە دەمی، نرخی مسقاڵ بەرد دەبێتە دینارێك"

ئیبراهیم فەتاح پێی وایە "لە سەرجەمی ئەو مێژوەیشدا كە پێمان گەیشتوە ئەوەیە كە هەمیشە خوازیارانی زانست وزانیاری لەبەرەی دژە ئایین یان زانستپەروەران وبڕوا بە ئایین نەبوواندا بوون"

خۆزگە بۆی دیاری دەكردین ئەو ئەفسانەیەی لەكام سەرچاوەی مێژووەوە پێی گەیشتوە؟ لە كتێبە پروپاگەندەییە كۆنەكانی ماركسیزمی سۆڤیەتی سەر شۆستەكانی دەوروبەری بەر سەرای سلێمانی، یان لە....؟؟؟

من لە هیچ دڵنیا نەبم لەوە دڵنیام كەوا زانایانی بوارە جۆربەجۆرەكانی زانستەكان بە زۆربەی هەرە گەورەدا لایەنگیری بڕوا بە ئایین وخوا بوون.

ئەگەر كتێبێكی وەك (الله يتجلى ڤ عصر العلم) و(العلم يدعوا للإيمان) و(انسانيه الانسان) و(حدود العلم ی سوليڤان) وكتێبەكانی مۆريس بۆكای زانا بخوێنیتەوە، كە بە پێنووسی زانایان خۆیان نووسراوە، هەرگیز وات نەدەوت.

كاك ئیبراهیم فەتاح باسی هەڵاتنی موسلمانان دەكات بۆ ئەوروپا، ونارەزایی دەردەبڕێت لەو كارە، وپرسیار دەكات كەوا دەبێت چی ئەوانی بەرەو ئەوروپا هێنا بێت؟ فیفتی بە فیفتی كردنی ئێوە بۆ خاك وئاو وسامان وخەڵك ومێژوو، وهەتا ژنە شەهیدەكانیش ئێمەی هێناوەتە ئەوروپا، جەوروستەمی ئێوە، وئەشكەنجەدانی ئاساییش، شەرفرۆشی ئێوە ئێمەمانانی هێناوەتە ئێرە. دەڵێم ئەگەر جەنابت پێت وایە كوردستان لە ژێر حوكمی عەلمانیەت دایە، ئەی بۆ خۆت رات كردوە بۆ ئەوروپا؟ چما نازانی سێچارەكی بەرپرسانی كوردستان لە ئەوروپاش پەناهەندەن خۆیان ومالّ ومنداڵیان، بەڵكو دەناوەتیان گەیشتۆتە رادەیەك لە دوو وڵات داوای پەناهەندەیی بكەن، یەكێكی وەك مەلا بەختیاری رۆشنبیری چەڤۆكێشی یەكێتی كە لە سوید پەناهەندەیە، پارساڵ لە بەریتانیاش خۆیی وژنی داوای پەناهەندەییان كرد!!!

بەڵگە بۆ كۆڵەواری كاك ئیبراهیم فەتاح وپێشتریش تەها هەڵەدنی لە كەمترین زانیاری دەربارەی ئیسلام هێنانەوەی ئەو ئایەتەنایە بە غەڵەت وپەڵەتی، لە هەموو قورئان ئایەتێك بەو شێوەیە نیە : (فلن يقبل غير الإسلام دينا) راستیەكەی (ومن يتخذ غير الإسلام دينا فلن يقبل منه وهو في الاخرة من الخاسرين) ماناكەشی وانیە كە كاك ئیبراهیم فەتاح تێیگەیشتووە. ئەوە حوكم وخیتابی خوایە بۆ ئادەمیزاد بە پێی بیروباوەڕی ئیسلام، واتاكەشی ئەوەی غەیری ئیسلام بە دینی خۆی قبوڵ بكات لێی وەرناگیرێت، و لە رۆژی دواییش زەرەر مەندە، ئەوەش  هیچ حوكمێكی دنیایی لەسەر بنیات نانرێت، ومانای زۆرەملێیی كردنی نا موسڵمانان نا گەیەنێت، كاك ئیبراهیم وهەڵەدنی وكەسانی تریش دەتوانن رۆژ تا ئێوارە كوفر وئیلحادی خۆیان بكەن تا ئەو رۆژەی دەمرن وتووشی چورتم وچەپۆكی دوای مردن دێن (بەپێی بیروباوەری ئێمەی موسڵمان) ریزلێنانی ئیسلام بۆ نا موسڵمانان لەوە ئاشكرا ورونترە لەو پەلە پەلەیە باسی بكەین، بەتایبەتی بۆ كەسانێك خوا وا چاوودڵی كوێر كردوون ئەگەر خواش بە چاوانیان ببینن باوەڕ ناهێنن!

دەربارەی (حمە سعید حەسەن) یش دوو وتەم هەیە، بەر لە هەموو شتێك من لە هەجووی ئیبن ولرۆمی وشێخ رەزای تالەبانیش ناترسم، چ جای حمە سعید حسن!

هەرچەندە من ١٠٠٪ جیاوازم لە بیروڕادا لەگەڵ كاك حمە سعید حسن ، بەڵام ریزم هەیە بۆ قەڵەمی بوێرانەی كە جاروبار دەگاتە سنوری شێتی!

خۆزگە حمە سعید حسن دەبوە نووسەری هەموو كورد، نەك كۆمەڵێكی كەمی نوخبەوی. حمە سعید حسن لە نوسینێكی دا رەخنە لە رێبوار ئەحمەد دەگرێت گوایە هەستی ملیۆنەها موسڵمان دەروشێنێ، كەچی بە داخەوە خۆشی رۆژانە هەستی هەزارەها كوردی موسڵمان دەروشێنێ، بەو قسە وتوانجانەی بۆ ئیسلام كە لە باڵای نوسەرێكی وەك حمە سعید حسن ناوەشێتەوە.

هیوادارم حمە سعید حسن بە خۆیدا بچێتەوە، ورزگاری بێت لە ئەفیونە دژە دینەكەی ماركسیزم، تا بە راستی ببێتە نووسەری هەموو كورد، نەك چەند كوردێك. زۆر جار باسی قسەیەكی حمە سعید حسن م كردوە لە مەجلیسێك كە زۆربەیان پێی سەرسام بوون وئافەرینیان لێی كردوە، بەڵام هەر كە یەكێك لەو مەجلیسە باسی قسەیەكی حمە سعید حسن دەكات لە دژی ئیسلام ئیتر هەموویان ئەو پەڕی سەلبیەتیان نیشان داوە لە دژی!

دەربارەی ئەوانەی تاوانی خێڵی حەمەشیان ئەنجام دا، (هەرچەندە زۆر لە چەپڕەوان تووشی رەنگ كوێری بوون، وپێیان وایە ئیسلامیەكان هەمووی توندڕەون ومیانەڕەویان تێدا نییە) من لەسەر سكرینی میدیا تی ڤی لە رۆژی ٨-١٢-٢٠٠١ ئەو تاوانەم مەحكوم كرد، وجند الإسلام يشم مەحكوم كرد، لە بەرنامەی رووبەروو، هەرچەندە نازانم كێ

بەرپرسیاری هەقیقی ئەو تاوانەیە. جند الإسلام یشم هەر لەبەر ئەو تاوانە – ئەگەر ئەوان کردبێتیان – مەحکوم نەکرد، بەڵکو لەبەر شێوازی بیرکردنەوە ورەفتاریان بە پلە یەك. لە وەڵامەکەشم بۆ تەها هەلەدنی گوتم تاوانەکەی خێڵی حەمە دەیەها جار بە دەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی رویداوە، ئەوەش هەقیقەتێکی بەڵگە نەویستە لە مێژووی کوردایەتی ئاخیر زەماندا!!!

کاك ئیبراهیم فەتاح بەوەندە نەوەستاوە هەموو قسە ناشیرین وجوێنەکانی هەلەدنی دوبارە بکاتەوە، بەڵکو بە هەوەستی خۆی قسەکانم تەفسیر دەکات، وحوکمیش بەسەر تەفسیرەکەی خۆی دەکات، وەك هەر دەزگایەکی موخابەراتی وڵاتە مەرحومەکانی سۆشیالیزم. کەمن لە وەڵامی نووسینە جوێنامێزەکەی هەلەدنی نوسیومە :" ئەو جۆرە خیتابە گرژانە لە هیچ خاکێکی ئیسلام لە دوو رۆژ زیاتر ژیان ناکات" کاك ئیبراهیم فەتاح لەبەر فۆبیای خۆی وادەزانێت، ئەوە جۆرێکە لە هەرِەشە کردن، "واتە رۆژی یەکەم رۆژی بیستنی خیتابەکەیە ورۆژی دووەم رۆژی بیستنی سەرپەڕاندنی خاوەن خیتابەکەیە..."

من مەبەستم رەتکردنەوەی خەڵکی موسڵمانی کوردە بۆ ئەو جۆرە خیتابە پڕ لە کوفر وئیلحادەیە، ئەی خاوەنی ئەو جۆرە خیتابانە لە هەولێر وسلێمانی وچەندین شار وشارۆچکەی تر، بە تایبەتی لە پێڕی حزبی کۆمەنستی کریکاری عێراقی نەکەوتنە بەر نارەزایی خەلك، تا رادەی دەرپەراندنیان لەناو بارەگاکانیان؟!

ئەی ئەوە نییە ٩٩٪ حزبەکان بە هەموو ئاراستەکانەوە لەبەر رەچاو کردنی ئەو جەماوەرە موسڵمانە، هەمووی بە دڵی ئەوان دەدوێن، ئەی ئەوە نییە هاوڕێیانی مارکسیزمی دوێنێ، ئەمرۆ پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانان دەکەن لە بۆنە دینییەکان؟!

خاترجەم بە کاك ئیبراهیم فەتاح ئەم جۆرە خیتابەی تۆ وهەلەدنی و(هەندێك لە نووسینەکانی) حمە سعید حسن وکەسانی تریش، بۆ سەدان ساڵی تریش لە کوردستان ناژێت، چونکە خەلکەکەی موسڵمانە ورۆژ بەرۆژیش، زیاتر وزیاتر بەرەو ئیسلام دەگەڕێنەوە بە خۆشی دۆستان، وبە کوێرایی نا حەزان.

ئەو رۆژە رۆیشت کە خاوەنی ئیسلام چەند مەلایەکی بەستەزمان وبێ ئاگا بن، ئەمرۆ سەدان هەزار کور وکچی خوێندەوار ورۆشنبیر وزانکۆیی پاسەوانی لە ئیسلام دەکەن، ئامادەن گیانی خۆیان بۆی بەخت کەن، بۆیە دەڵێم ئەو جۆرە خیتابەی ئێوە مەگەر لە سوچێکی بەستەڵەکی ئەوروپا بڵاوبکرێتەوە، یان لە تۆرێکی ئینتەرنێتی کە چەند سەد کەسێك چاوی پیا دەخشێنێت!!

لەندەن

٢٠٠٢-٥-١٣

© Kurdistan Net